# لەسالیادی کیمیابارانی هەلەبجەدا رێکخراوی چاک لەسوید یاداشتنامەیەک پێشکەش بە (حکومەت,پارتە سیاسیەکان,میدیا)ی سویدی دەکات

لەگەل نزیک بونەوەی سالگەردی کیمیا بارانی هەلەبجە , رێکخراوی چاک لەسوید یاداشتێکی پێشکەش بە چەندین پارت ودەزگای حکومی و میدیای سویدی کرد , وەک

1ـ سەرۆک وەزیرانی سوید (یۆران پێرشۆن)

2ـ وەزیری دەرەوە سوید (لەیلا فریفالد)

3ـ پارتی سۆسیال دیموکراتی سوید

4ـ پارتی پارێزگاران (مۆدێرات)

5ـ پارتی چەپی سویدی

6ـپارتی سەوزی سویدی

7ـپارتی کریستن دیموکرات

8ـ بارتی سەنتەر

9ـپارتی لیبرالەکان

## رۆژنامەکان

## DN,SVD,Aftonbladet,Expressen,Stockholm City

## کەنالەکانی تەلەفزیۆن و رادیۆ

**Svt** وە کەنالی 2,3,4,5 وە 4کەنالی رادیۆیی.

وەبەتەلەفۆن و ئمێل پەیوەندیمان بە ئاژانسی دەنگ و باسی سویدی TTکرد, بەتایبەتی لەگەل رۆژنامەنووس (ستیفان) کە گرنگی بە دۆسیەی کوردستان دەدات , ئەوەی پێراگەیاندین کە هەول دەدات لەو رۆژەدا بابەتیان هەبێت لەسەر ئەم یادە.

دەقی یاداشتەکە بەزمانی کوردی

پاش ڕووخانی ڕژێمی عێراق و دۆزینەوەی سەدان گۆڕی بەکۆمەڵ، دڕندەیی ڕژێمی بەعسی گۆڕبەگۆڕ بۆ هەموو جیهان ئاشکرا بوو. ئەو ڕژێمەی کە چەکی کیمیاوی لە دژی هاولاتیانی مەدەنی گەلی کوردستان بەکارهێنا.

ئەو هێرشە بێ بەزەییانەیەی کە لە 16ی مارتی 1988 دا لە دژی دانیشتووانی سیڤیلی کوردی شاری هەڵەبجەی کوردستانی باشوور ئەنجام درا و ئاکامەکەی زیاتر لە 5000 قوربانی بوو لە ژن و منداڵ و پیر و گەنجی کورد و زیاتر لە 10000 بریندار، کە گەلێکیان لە ساڵانی دووای ئەو کارەساتە گیانیان لەدەست دا و کۆمەڵێکیشیان تاکو ئەمڕۆ بە ئازارەکانی ئەو کردەوە نا مرۆڤانەیەوە ژیانێکی پڕ لە ئازار و مەینەتی دەبەنە سەر و کەس نییە لایەکییان لێ بکاتەوە .

هەر لەو سەروبەندەدا و لە 18-2-1988 ەوە ڕژێمی بەعسی عێراقی خەریکی ئەنجامدانی کردەوەیەکی تری ڕەشەکوژی بوو لە دژی گەلی کورد لە کوردستانی باشوور، کە بە هەموو پێوانەکان، چ لە شێوازی نەخشە کێشان و دەست نیشانکردنی ئەو گرووپەی بەر شاڵاوەکە کەوتن و چ لە ڕووی بەربڵاوی کردەوەکە و ژمارەی قوربانییانی و زیانە مادی و مرۆییەکانی، دەچێتە کردەوەی جینۆسایدەوە کە بە ئەنفال ناوی دەرکردووە. لە هێرشی دڕندانەی ئەنفالدا، 182000 مرۆڤی کورد شوێن بزر کران و هەزاران گوند وێران کران، جگە لە زیانە مادییە لە ژمار نەهاتووەکان و گواستنەوەی بە زۆری پاشماوەی قوربانییان بۆ ئۆردوگا زۆرەملێکان , هەروا لە دوو پرۆسەی پێشتردا بە شێوەیەکی دڕندانە دەیان هەزار فەیلی و 8000 بارزانی شوێن بزر کردبوو .

خۆشحاڵانە یادی 18 ساڵەی جینۆسایدی گەلی کورد ، کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفال لە کاتێکدا دەکەینەوە کە تەخت و تاجی ئەو ڕژێمە شۆفێنییە دڕندەیە هەڵتەکێندراوە و سەدامی دیکتاتۆریش دەستگیرکراوەو ئێستا لەگەڵ یارمەتیدەرانی دادگایی دەکرێت , بەڵام مەخابن دەستپێکی دادگاییەکە دەبوایە بە هەردوو تاوانی هەڵەبجەو ئەنفال دەستی پێ بکردایا , ئەوە بەدی نەهات , ئەمڕۆ ترسی ئەوە هەیە سەدام لە بەرامبەر ئەو تاوانانە هەر دادگایی نەکرێن .

دادگایی فرانس ڤان ئانرات لە وڵاتی هۆڵەند و بە جینۆسایدناسینی تاوانەکانی بەعس بەرامبەر بە گەلی کورد لە دادگای شاری لاهای , بوو بە هەنگاوێکی گەورە بۆ کردنەوەی کۆدی نهێنی تاوانباران و دەستنیشانکردنی تاوانەکە و بە فەرمی ناسینی جینۆسایدی گەلی کورد ,هەنگاوێکە بۆ ناسینی لە ئاستی جیهانیدا , دەتوانیین ئەو بڕیارە بە گەورەترین دەسکەوتی سیاسی و یاسایی بزانیین بۆ گەلی کورد لە چەند ساڵی ڕابردوودا , ئەو بڕیارە لە داهاتوودا پاڵپشتێکی بەهێز دەبێت بۆ پێک هێنانی دەوڵەتی کوردی , بۆیە ئەم دەسکەوتە دۆسییەکی کراوەیەو پێویستە بەردەوام کاری لەسەر بکرێت ,

تا ئێستاش جینۆسایدکردنی کورد لە هەموو پارچەکانی کوردستان درێژەی هەیە , لەماکۆ و سەڵماسەوە بۆ مهاباد و سەردەشت و شەمزینان و ئامەد و قامشلوو و عامودا , لە کوردستانی باشوریش تیرۆریستان هەمان ڕێباز درێژە پێدەدەن لە کوشت و بڕی بە کۆمەڵی گەلەکەمان .

داواکاری ئێمە لە یادی 18 ساڵەی جینۆسایدکردنی گەلی کورددا، لە یادی کارەساتەکانی هەڵەبجە و ئەنفالدا ئەمانەن کە هیوادارین ئێوەش هاریکارمان بن:

1. 16-3 بە ڕۆژی دژایەتیکردنی چەکی کیمیاوی لە جیهاندا بناسرێت ,
2. پێویستە حکومەتی عێراق بەرەسمی داوای لێبوردن لەخەلکی کوردستان بکات
3. -پێویستە ئەو کۆمپانییا چەکسازییانەی چەکی کیمیاویان بە بەعس فرۆشتووە، قەرەبووی زیانەکانی قوربانییان بکەنەوە...

4. -هەر هەموو ئەوتاوانبارانەی بەشدارییان لە جینۆسایدکردنی گەلی کوردا کردووە پێویستە بە بێ جیاوازی دادگایی بکرێن .

5. داواکارین پرۆسەی ئەنفال و کیمیاباران وەک تاوانی جینۆساید بە فەرمی بناسن , هەر هەنگاوێکی لەم چەشنە لە داهتوودا ڕێگر دەبێت لە بەردەم دووبارە بوونەوەی کردەی کۆمەڵکوژی بەرامەر بە گەلەکەمان , بڕیاری دادگای شاری لاهای سەبارەت بە دادگایی کردنی فرانس ڤان ئانرات پاڵپشتییەکی یاسایی گرنگە بۆ هەڵوێستی لەم چەشنە .

ناوەندی هەڵەبجە دژ بە ئەنفالکردن و جینۆسایدی گەلی کورد -چاک سوید
www.chak.info

The Centre of Halabja
Against Anfalization and
Genocide of the Kurds
C.H.A.K
www.chak.info

C.H.A.K
The Centre of Halabja

Nawendî Helebce
Dij be Enfalkirdin u
Cînosaydî Gelî Kurd
ÇAK
contact@chak.info

Efter Saddam Hussein-regimens fall hittades hundratusentals massgravar inför omvärldens ögon. Saddam Hussein-regimen var en totalitär regim som använde kemiska vapen mot sitt folk.

Den 16 mars 1988 dödades mer än 5000 och skadades över 10.000 oskyldiga civila i södra Kurdistan i Halabja. Många av de skadade avled senare av sina skador och många lider fortfarande av fysiska och psykiska skador. Under tiden Saddams regim försökte förinta kurdika folket i södra Kurdistan och den 18 februari 1988 anfölls kurdiska folket och fler än 200 000 försvann, deporterades och ”arabiserades”. Tusentals byar ödelades och förintades. Det här barbariska anfallet döpte Saddam till ANFAL.

Efter 17 år ställdes holländaren Franz van Anrat, en smugglare som sålde
kemiska medel till Saddams regim, inför rätta och dömdes till 15 år fängelse. Det var en stor seger för kurdiska folket och vi uppskattar sådan internationell rätt och det betyder mycket för internationell politik och internationella lagar. Den här segern blir i framtiden ett prejudikat och ett stor stöd för Kurdistans självstyre.

Men tyvärr pågår fortfarande de omänskliga händelserna i andra delar av Kurdistan i Turkiet, Iran och Syrien.

Föreningen CHAK ska i år liksom tidigare år visa sitt stöd för offren och till minnet av de katastrofala händelserna i Halabja och följderna av Anfal. De försvunnas öde är ännu oklart och det finns många krav som bör genomföras.

Våra krav är:

- den 16 mars skall bli en offentlig dag i hela världen mot ginocide (folkmord).
- Irak måste ge en skriftlig ursäkt till kurdiska folket.
- De som sålde kemiska medel till Saddams regim skall ersätta de drabbade.
- De som blandade sig i och genomförde folkmord i Kurdistan skall ställas inför rätta.
- Folkmordet i Kurdistan skall erkännas som ginocide (folkmord).

**Halabjacenter mot Anfal och folkmord av kurderna (CHAK)- i Sverige**
**2006-03-13**